حكومةتى هةريَمى كوردستان - عيَراق
وەزارەتی خويَندنى بالآو تويَذينةوةى زانستى
زانكۆی هەڵبجە
كؤليژى زانستة مرؤڤايەتيەكان
بةشى جوگرافيا

# جيمۆڕفۆلۆجيا

## كورتەيەک دەربـــــــــــــــــــــــــــــــارەی

## بەشداريكردنی جيمۆڕفـــــــــــۆلۆجيا لەوەگەڕخستنی ئابوريدا

ئامادەكردن /
محمد عبدالفتاح عبدالخالق

سالَی
2022

ناوةرؤك

# بابەت

## لاَثەرِة

ثيشەكى.
1

بەكارهيَنانى زانستى جيمۆرفۆلۆجيا بۆطەرِان بەدواى كانزاكاندا.
2

بەكارهيَنانى زانستى جيمۆرفۆلۆجيا بۆ طەرِان بەدواى ثترِۆلَدا.
3

بەكارهيَنانى زانستى جيمۆرفۆلۆجيا بۆ طەرِان بەدواى ئاوىذيَرزةوى.
4

بەكارهينانى زانستى جيمۆفۆلۆجيا لةدروستكردنى رِيَطاوباندا.
5

بەكارهيَنانى زانستى جيمۆفۆلۆجيا لةهةلَبذاردنى شويَنى فرِؤكةخانةكاندا.
6

بةشداريكردنى جيمۆفۆلۆجيا لةهةلبذاردنى شوينى بةنداوو عةمباراودا.
7

دةرئةنجام.
8
سةرضاوةكان.
9

## پێشەکی

لەوکاتەوەی خوای گەورە و دلۆفان مرۆڤی ئافراندووە بژین و بەخیوکەری مرۆڤ بووە ڕوی زەویشی بۆ ڕامکردووە.تۆماری شارستانییەکانی مرۆڤ ئەو ڕۆڵەی کەڕوی زەوی هەیبووە بەوینەی جیاوازمان بۆ دەخەنەڕوو لەگەشەکردنی زۆرێک لەو شارستانییانە لەکاتی دروسبون و دەرکەوتنی مرۆڤ تائێستا.شارستانییەتی دۆڵی روبارەکان و شارستانییەتی چیاکان وشارستانییەتی ئەشکەوت و شارستانییەتی کەناری...هتد هاتونەتە بوونەوە،لەو ژینگە تۆبۆگرافیانەدا مرۆڤ نیشتەجێ بوونی خۆی دروستکردووە و خۆراک وجل وبەرگ وپیداویستیەکانی تری لێوە فەراهەم کردووە و توانای جەستەی و میشکی لێوە بەدەست هیناوە.

زانستی جیمۆرفۆلۆجیا بەو مانایەی کەهەرسێ بڕگەکە ئاماژەی بۆدەکەن، واتای ئەو زانستە دەگەیەنی کەباس لەرەگەزەکانی سەر ڕووی زەوی دەکات بەڕافەو هۆهێنانەوەو پرسیارکردنەوە. وەگەڕخستنی ئابوری تیشک دەخاتە سەر توانای بەگەڕخستن و بەکارهێنانی ڕووی دەرەوەی زەوی و بەگەڕخستنی پێکهاتەکانی توێکڵی زەوی،پاشان خستنەرووی مەترسیەکانی کردارە جیمۆرفۆلۆجیە جولاوەکان وئەو دیاردە تۆبۆگرافییە ناجێگیرانەی کەلێوەی دروست دەبن.

## بەشداریکردنی جیمۆڕفۆلۆجیا لەوەگەڕخستنی ئابوری دا

## ١- بەکارهێنانی زانستی جیمۆرفۆلۆجیا بۆگەڕان بەدوای کانزاکاندا:

ئەو زانا جیمۆڕفۆلۆجیانەی گرنگیان بەجیۆلۆجیای ئـــــــــــابوریی دەدا بێتوانابوون لەسود وەرگرتن لەتێگەیشتنی دیاردە جیمۆرفۆلۆجیەکـــــان و گەشەکردنیان بۆ دۆزینەوەی هەندێک کانزا،تـــــاوەکو ئەو کاتەی H.E.mckinstry گوتـــــــارێکی زۆرشیاوو گرنگی لەبارەی ئەگەرەکانی بەکارهێنانی رێنماییە جیمۆڕفۆلۆجییەکان لەجۆلۆجیای کـــــانزاکاریدا خستە پێش چاو،ئەوەشی ڕوونکردەوە کەدیـــــــــاردە جیمۆرفۆلۆجییەکان دەتوانرێت سودیـــــــــــان لێوەربگیردرێت لەگەڕان بەدوای کانزاکاندا،بەم سێ ڕێگەیە دەتوانین پوختەی بکەین و باسی بکەین:

أ- هەندێک نیشتوی کانزای کـــــــــــاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر شێوەی تۆبۆگرافی ناوچەکە.

ب- پێدەچێت شێوەی تۆبۆگرافی ناوچەکە ببێتە بەڵگەیەک بۆ نـــــــــــــاسینی ئەو پێکهاتە جیۆلۆجییەی پارمەتی دەروە بۆکۆکردنەوەی هەندێک لەکانزاکان.

ج- تیگەیشتنی وردوو درشت لەمێژووی جیۆلۆجی هەر ناوچەیەک یـــــــارمەتیمان دەدات بۆ زانینی ئەو باورودۆخە سروشتیەی بۆ کۆکردنەوە یـــان کەڵەکەکردنی کانزاکان.

سەرباری ئەوەی هەموو خاوەکانی کانزا کاردانەوەی لەسەر بەرزونزمیەکـــانی ڕووی زەوی نابێت و بەڕوونی لەسەر ڕووی زەوی دەرنـــــاکەون،بەڵام زۆرێک لەکــــــــانزاکان بەڕوونی کاردانەوەکانیان دەردەکەون،بەوێنەی شیوەیەکی تۆبۆگرافی تایبەت یـــــــــــان لەسەر ڕووی زەویدا وەکو خاوی ئۆکسیدی یـــــــــان لەشێوەی ووردبوونی کانزاییدا دەردەکەویت.هەندێک لەکـــــــــــــانزاکان دەبنە هۆی دروستکردنی کەلەبەر لەشێوەی بەردەکەدا بەئاڕاستەی ڕەگی کـــــــــــــــــــــــانزاکە.رەگی پێکهاتەکانی قورقوشم – نزیک لەناوچەی (برۆکین هیڵ) ی ئوستراليـــــــــــا زنجیرەیەکی بەرزونزمی روون دەی خەنە ڕوو،هەروەها ڕەگی کــــــانزای کوارتز لەسەر ڕوی زەوی (سانتا باربارە) لـــــــــــــــــــــەهەرێمی (چینواهوا) ی مەکسیکدا بەڕوونی دەردەکەوێت.هۆکاری ئەم دەرکەوتنەش دەگەڕیتەوە بۆ توانــــــــــــــاو خۆڕاگری بەرامبەر بەفاکتەرەکانی ڕامالّین.

## ٢- بەکارهێنانی زانستی جیمۆرفۆلۆجیا بۆ گەڕان بەدوای پترۆڵدا:

سەرباری دۆزینەوەی ناوچە گەلێکی زۆر دەوڵەمەند بەنەوت، هێشتاکە ناوچە گەلێکی زۆر ماون کۆمپانیا زەبەلاحەکان خەریکی پشکنین و تیایدا بەدوای نەوتدا دەگەڕێن، بەپشت بەستن بەخەسڵەتە تۆبۆگرافیەکان.

تێگەیشتنی تەندروست لەپەیوەندی نێوان دیاردە جیمۆرفۆلۆجییەکان و پێکهاتەی بەردەکان گرنگییەکی زۆری هەیە لەدۆزینەوەی نەوتدا. ئەو ناوچانەی چەماوەی قۆقزیان هەیە کاریگەری گەورەیان دەبێت لەسەر تۆبۆگرافیای ناوچەکە، سەرباری ئەمەش پیویستە لەسەرئەوانەی بەدوای نەوتدا دەگەرین ئەوەیان لەبیربێت ئەگەری بوونی کاردانەوەی تۆبۆگرافی بۆ چالاکییەکانی ڕامالین لەپیکهاتەی جیۆلۆجی قۆقزیدا زۆر بەسودە و نابێت تەنها لەناوچە نوێیەکاندا نەبێت، Vicher ئاماژەی بەوەداوە کەپەیوەندییەکی ڕوون لەناوچەی (لوس ئەنجلوس و کالیفۆڕنیاو پشتێنەی دەشتیە کەنارییەکان ونیوان تۆبۆگرافی ئەو شوێنە) هەیە. ئەوەشی ڕوونکردەوە کەپەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان تۆبۆگرافیا و پیکهاتەی جیۆلۆجی لەهەندیک کێڵگەی نەوتی ئەم ناوچانەدا ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری ڕامالین کەلەم ناوچەیەدا تازە دەستی بەکارەکەی کردووە و کاتی تەواوی نەبووە بۆ ئەوەی بتوانیت کاریگەری جوڵە پێچاوپێچییە نوێیەکان بگۆڕێت و بیان شارێتەوە، لەئەنجامی ئەو جوڵانەوە ئەو پێکهاتە جیولۆجییە تۆبۆگرافیە بەرزانە دروست بووە.

بەڵام لەوناوچانەی بەڕووەکی چڕ داپۆشراون بەئاسانی ناتوانریت سەیری دیمەنی تۆبۆگرافیای ڕاستەقینەی ناوچەکە بکرێت،

بوونی پترۆڵیش لەهەر ناوچەیەکدا پێویستی بەبوونی بەردی ( Materrock ) واتە بەردی دایک هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو بەردانەن کەبڕێکی زۆر لەمەوادی نیشتووی ئەندامییان تێدایەو لەئەنجامی کاری پەستان ویلەی گەرمی بەرزەوە لەژێر زەویدا بەکرداری دلۆپاندن نەوت دروست دەکەن.

## ٣- بەکارهێنانی زانستی جیمۆرفۆلۆجیا بۆ گەڕان بەدوای ئاوی ژێر زەوی:

ناتوانری لەکێشەی ئاوی هەناو تێبگەین بەتەواوی لەناوچەی بەردی جیریدا بەتەنها لەڕێگەی توێژینەوەی جیمۆرفۆلۆجی تەواوی ناوچەکە نەبێت،بەجۆرێک هەندێک تات توانای زۆری هەیە بۆ وەرگرتنی ئاو و مەودای وەرگرتنی ئاوی زۆر لەجۆرەکانی تری کەڤر زیاترە.

زانراوە لەڕووی جیۆلۆجییەوە تێپەڕبوونی ئاو Permeability لەبەردی جیریدا بەهۆی بوونی ئەو بۆشاییانەی نێوان ئەو نیشتووە کلسیانەوە دەبێت کەبەردەکەی لێپێکدێت،واتا لەئەنجامی ئەو درزو شکانانەوەبووە کەبەهۆی جوڵەکانی زەویەوە لەم بەردانە دروست بوون،یان بەهۆکاری توانەوەوە بوون یان نەبوونی ڕێگای پیداچوونە خوارەوەی ئاو بەکردارەکانی توانەوە بەزۆری پشت دەبەستێت بەوەی بەردە جیرییەکە تا چ ڕادەیەک ڕێگە بەدرزەکان و ڕووی جیابوونەوەی دەدات کەکرداری فراوانکردن و گەورەکردنەوەی چالاک بێت؟ ئەمەش لەلای خۆیەوە پشت دەبەستێ بەوەی بەردە جیرییەکە لەکاتی ئیستادا لەسەر ڕوویەکی داتاشراو (دەشتێک کەئەنجامی ڕاماڵینەوە پێکهاتبێت) دروست دەبێت،یان لەمێژوودا واتە لەکۆندا لەجێگەیەک بووە کەڕێگەی بەجوڵەی ئاوی هەناوی داوە لەڕێگەی بەردەکانەوە بیتوێنێتەوە.

Hamilton لەساڵی (١٩٤٧) ئەوەی ڕوونکردەوە کەجیاوازی بەردی جیری لەناوچەی Lexing ton لەویلایەتی Kentucky لەپلەی پێدانی ئاودا جیاوازییەکی زۆری هەیە، بەپێی پلەی کەوتنە ژێر کاریگەری درزو ڕووی جیابوونەوە بەتوانەوە،ئەم کونیلانەش بەپێی تۆبۆگرافیای ناوچەکان دەگۆڕێن و، کونیلەدارەکان زۆردەبن بەتایبەت لەنزیک ناوچە حەوزە نزم و دۆڵەکاندا،بەجۆرێک لەم ناوچانەدا ئەو درزانەی بەهۆی کرداری توانەوە دروست دەبن دەکەونە قوڵی ٨٠ – ١٠٠ پێ لەژێر ڕووی زەوییەوە.

## ٤- بەکارهێنانی جیمۆرفۆلۆجیا لەدروستکردنی ڕێگاوباندا:

سەرباری ئەوەی زۆرجار بەمەبەستی پێکەوەبەستنەوەی ناوەندە شارستانیەکان ودابەشبوونیان پێویستی بەدروستکردنی ڕێگاوبان لەوناوچانەی نەشیاون لەڕووی

تۆبۆگرافییەوە دێتە ئاراوە،بەڵام ناتوانین ڕۆڵی تۆبۆگرافیا لەڕاکێشـــــــــانی هێڵی هاتوچۆی گونجاودا پشت گوێ بخەین.

چەندین نمونەی ئاشکرا هەن کەکێشەی ئەندازیـــــــــاری جۆراوجۆری تێدا دەبێت بەهۆی بـــــــــارودۆخی تۆبۆگرافیەوە،ئەگەر ڕێگایەک بەناوچەیەکی کارستیدا تێپەڕێنرێت ئەوا پێویستی بە (حقن – تێئاخنین) کردن هەیە،ئەگینا دوچـــــاری خراپ بوون دەبێتەوە لەکاتی داباریني بـــــارانێکی بەلێزمە،ئەویش بەهۆی کۆبوونەوەی ئـــــاوو پربوونی ئەو بەلووعە کارستیانەی کەلەسەر ڕووی ئەو دەشتانەدا بڵاودەبنەوە کەڕێگاکـــــــــــانی پێدادەبرێن.هەروەها ئەو ناوچانەشی جێگـــای کۆنی دەریاچە بوونە نەشیاون بۆ ڕاکێشـــانی ڕێگای هاتوچۆ تیایدا بەتـایبەتی ئەو ڕێگایانەی کە بۆ بـــــــاری قورس دروست دەکرێن، ئەویش بەهۆی ئەوەی کەئەو مەوادانەی ئەم ڕێگـــــایانەی لەسەر دروست دەکرێن بەرگەی قورسی زۆر ناگرن و فشەڵن و دەبنە هۆی نیشتاندنی جـــادەکە، بۆخۆ دورخستنەوە لەمەش پێویستە مەوادە دەریاییە نەرمە لابردرێت، لەگەڵ پڕکـــــردنەوە و کوتانەوەی کونیلەکانی ئەم دەریاچەیە بەمەواد گەلیک کە جوڵەو هێزی زۆرو قورس کاریان تێنەکات.

ناوچە زۆر لێژەکان قۆنـــــــــــاغی کۆتای گەنجی و سەرەتای پێگەیشتندان، پێویستی بەدورستکردنی ژمـــــــــارەیەکی زۆر لەپرد هەیەو بەهۆی زۆری دۆڵی قووڵ و لاتەنیشتی زۆر لێژو لیک نزیکەوە، ئەمەس وادەکـــــات کە دروستکردنی ڕێگا لەسەر ئەم لێژییانە بێتە کارێکی موستەحیل و، تێپەڕین لـــــــــــەم دیوی دۆڵەکە بۆ ئەو دیوی دۆڵەکە تەنهـــا بەدروستکردنی پرد دەبێت ئەگەر ڕووبـــــــارەکە دۆڵەکە ببڕێت و دۆڵی خۆی تێدا دروست کردبێت، ئەمەش لەلایەن ئەندازیـــــــارانەوە گرنگی زۆر پێدەدریت لەکاتی دروستکردنی پردد‌ا.

ئەوەش زانراوە ئەو ناوچانەی تۆبۆگرافیـــــــایەکی سەختیان هەیە دووچاری چەندین جۆر لەداڕمـــــــــــانی زەوی دەبنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زوو تێکچوونی ئەو ڕێگایەی بەم ناوچەیەدا تێپەڕدەبێت.

**٥- بەکارهێنانی جیمۆرفۆلۆجیا لەهەڵبژاردنی شوێنی فرۆکەخانەکاندا:**

سەرباری ئەوەی بارودۆخی کەش و ئاوو هەوا ڕۆڵێکی گەروەی دەبینن لەهەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ فڕۆکەخانە،بەڵام هۆکاری جیۆلۆجیا و جیمۆرفۆلۆجیاش پێگەی خۆیـــان دەبێت لەم هەڵبژاردنەدا.

گونجاوی و نەگونجاوی هەندێک لەناوچە دەشتایەکان لەڕووی تۆبۆگرافییەوە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی فڕۆکەخانە لەسایەی پێنج بنەمای سەرەکی دەبێت ئەوانیش:

١- ڕێڕەوەکان: دروستکردنی ڕێڕەوەکان لەهەموو ئاڕاستەکانەوە شتێکی ئاسان نابێت،بەڵام پێویشتە هەوڵی جێبەجێکردنی بدرێت.

٢- باری ئاودەرکردن: پێویستە هەوڵبدرێت لەوناوچانەدا فڕۆکەخانە دروست بکرێت کەتوانای ئاودەرکردنیان گونجاوە،ئەگەر پلەی لێژی ناوچەکە کەم بوو یان نـــــاوچەیەکی ڕێک بوو ئەوا پێویستە ڕووی ئەو ناوچەیە بەمەوادی کونیلەدار داپۆشرێت بەجۆرێک ڕێگە بەکۆبوونەوەی ئاو نەدات بەسەر ڕووی ناوچەکەوە.

٣- پلەی لێژی: پێویستە پلەی لێژی ئەو ناوچەیەی فڕۆکەخانەکەی لێدروست دەکرێت کەم بێت و ئەگەر لەناوچەیەدا بەلووعە یان نیشتوی سەهۆڵین یان پێکهاتەی کـــارستی بوونی هەبوو، ئەوا پێویستە هەریەکە بەڕێگای تایبەتی و زانستی خۆی چـــــــارەسەر بکرێت پێش دروست کردنی فڕۆکەخانەکە.

4- دەستەبەرکردنی ئاوی پێویست: ئەمەش لەڕێگەی لێدانی بیرەوە دەبێت یـــــــان سوود وەرگرتن لەئاوی ڕووبارە نزیکەکان ئەگەر هەبوو، لەگەڵ پـــــاککردنەوەو شیرین کردن و دلۆپاندنی ئاوەکە ئەگەر پێویستی کرد.

٥- مەترسی لافاوو تەم: پێویستە لەناوچەیەکدا فرۆکەخـــــانە دروست بکرێت کە، کەمترین ڕوودانی تەم و لافای تێداتۆمــار بکرێت، بەجۆرێک هەریەکە لەو دوو ڕەگەزە لەو ناوچەیەدا وەک دیاردە بوونیان نەبێت. ئەگەر ڕووبارێک یان ڕێرەوێکی ئـــــاوی لەنزیکی ناوچەکەوە هەبوو ئەوا پێوستە ئەو ڕێرەوە بگۆڕدرێت یان بەنداوێکی لەپێشدا دروست بکرێت.

٦- بەشداریکردنی جیمۆرفۆلۆجیا لەهەڵبژاردنی شوێنی بەنداوو عەمباراودا:

بەنداوەکان لەگرنکترین دامەزراوەو دروستکراوە ئەندازیارییە گەورەکانن، داڕووخـــانی دەبێتە هۆی ڕوودانی فەتارەتێکی نەتەوەی،سەرباری ئەو زیانە ئـابوورییە گەورەیەی لەگەڵیدا وڵات و ناوچەکە دەگرێتەوە لەکاولبوون و تێکدانی نـــــــاوچەکەو کوشتنی ئەو دانیشتوانەی دەکەونە ناوچەکانی خوار بەربەستەکەوە، هەربۆیە لەکـــــــــــاتی هەڵبژاردنی ناوچەی دروستکردنی بەربەستدا پێویشتە گونجاوی باری جیولۆجی و جیمۆرفۆلۆجی لەبەرچـــاو بگیردرێت، وەک Drayan لەساڵی ١٩٢٩ دا ئـامـــــــــــــــاژەی بەوەدابوو کەپێنچ بنەما هەن پێویستە لەکاتی هەڵبژاردنی شوێنی بەربەستدا ڕەچـــاوبکرێن و وە Thornbury لەساڵی ١٩٥٨ دا لەکتێبی (بنەماکانی جیمۆرفۆلۆجیادا) ئاماژەی پێداون:

١- گونجاوی ناوچەی ئاوزێڵەکەی.

٢- بوونی دەرچەیەکی تەسک لەم ئاوزێڵەدا،کەپێکهاتەی جیۆلۆجییەکەی گونجـــــــــاوبێت بۆ دروستکردنی بەنداو لەسەر بنەمای کەمی تێچونی ئابووری.

٣- بوونی ئەو ئامرازانەی ڕێگە بەدروستکردنی کەنـــــــــاڵ دەدەن بۆ دەرکردنی ئاوی زیادە.

٤- ئاسانی دەستکەوتنی کەرەستەی بینا.

٥- دڵنیابوون لەوەی تەمەنی عەمباراوەکە کورت نیە،بەهۆی نیشتنی مـەوادی قوڕین و لیتەیی تێدا.

جێگەت (سد العالی) لەمیسردا لەگونجاوترین ئەو جێگـــــانەیە کەزۆرێک لەو تایبەتمەندییانەی تێدایە، ئەو نــــــاوچەیەی کەهەڵبژێردراوە بۆ دروستکـــــــــردنی ئەم بەنداوە لـــــــــەرووی جیمۆڕفۆلۆجییەوە ئاماژەیە بۆ ناوچەیەکی ئاوزێڵی دەرچە تەسکی پێکهاتە گرانیتی کەشێوەی لەملی بوتڵ دەچێت.

تایبەتمەندییە جیمۆرفۆلۆجییەکـــــــــانی یارمەتی دەربوون بۆدوورخستنەوەی زۆرێک لەکێشە ئەندازیارییەکانی دروستکردنی بەنداوەکە لەجێگەیەدا،واتە ناوچەی (سد العــــــالی) لەڕووی جیمۆڕفۆلۆجییەوە بەناوچەیەکی گرنگ و شیاو دادەنرێت.

# ئەنجـــــــــــــــام

**١- دەرکەوت پێش دەست پێکردنی هەر پرۆژەیەک یـــان جێبەجێ کردنی چالاکییەکی ئابووری پێویستە دیراسەیەکی جیۆلـــــــــۆجی بۆئەو شوینە بکرێت بـــــــۆئەوەی بزانرێت ئەو شوێنە گونجاوە کەپرۆژەکەی لەسەر بنیات دەنرێت.**

**٢- پیویستە هەڵبژاردنی شوێنی بەست و بەنداوەکـــــــــــــان ئەو شوێنانە بن کەئاوزێڵەکەی دەرچەیەکی تەسکی هەبێت،ئەمەش بۆ خۆڕاگری بەربەستەکەو وەکەم کـــــردنەوەی تێچونی ئابووری بەربەستەکە.**

**٣- پێویستە لەکاتی دروستکردنی بەست و بەنداو ناوچەیەک هەڵبژێری کەلەڕووی پێکهاتەی جیۆلۆجی و جیمۆڕفۆلۆجییەوە گونجاوبێت،واتە لەڕووی جیمۆڕفۆلۆجییەوە نـــــاوچەیەکی ئـــاوزێڵی دەرچە تەسک بێت،هەم بۆ خۆڕاگری بەنداوەکە وە کەم بوونەوەی لایەنی تێچونی ئابوری.**

**٤- دەرکەوت لەڕووی گونجاوی و نەگونجاوی هەڵبژاردنی شوێنی فرۆکەخانەکان پیویستە رەچاوی چەند بنەمایەک بکەین وەک(پلەی لێژی،مەترسی لافـــــــــاوو تەم،بــــــــاری ئاودەرکردن هتد...)**

# سەرچاوەکان


1. ناوی کتێت:زةوی ناسی جیولوجی.
نوسةر محمد حسن.
2. ناوی کتێب:ئةنترؤثؤلؤذیای دانیشتوان.
نوسةر د.محمد شوان.
3. ناوکتێب:  جیوثولةتیَکی کوردستان.
نوسةر   .فةرید ئةسةسةرد.